# كاتێك پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لەسەر مینبەر بوو؛ پیاوێك پرسیاری لێكرد: چی دەڵێیت سەبارەت بە شەونوێژكردن؟ فەرمووی: «دوو (ڕكات) دوو (ڕكات) ئەنجامدەدرێت

لە ئیبن عومەرەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- دەڵێت: كاتێك پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لەسەر مینبەر بوو؛ پیاوێك پرسیاری لێكرد: چی دەڵێیت سەبارەت بە شەونوێژكردن؟ فەرمووی: «دوو (ڕكات) دوو (ڕكات) ئەنجامدەدرێت، ئەگەر ترسا لەوەی بەیان بێت (بانگی بەیانی بدات)؛ یەک ڕكات ئەنجامەدات، ئەمە (ئەم یەک ڕكاتە نوێژی) ویترە بۆ هەموو نوێژەكەی»، ئیبن عومەر -ڕەزای خوایان لێبێت- دەیووت: «كۆتا نوێژتان لە شەودا با نوێژی وتر بێت؛ چونكە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمانی بە ئەمە كردووە».

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری)]

پیاوێک پرسیاری لە پێغەمبەر کرد -صلى الله عليه وسلم-؛ لە کاتێکدا ئەو لەسەر مینبەر وتاری دەدا، ووتی: ئەی پێغەمبەری خودا، فێرم بکە چۆن شەونوێژ ئەنجام بدەم؟ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: نوێژ دەکەیت و سەلام دەدەیتەوە لە پاش هەموو دوو ڕکاتێک، ئەگەر ترسای لە هەڵهاتنی بەیان، ئەوا یەک ڕکات نوێژ ئەنجام بدە؛ کە بەهۆیەوە بە ژمارەی تاك کۆتایی دەهێنیت بە نوێژەکانت، و پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئامۆژگاری دەکرد بەوەی کە کۆتا نوێژی شەو؛ نوێژی وتر بێت.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/11259